# کێ پەنابەران ڕاپێچی کاری نایاسای دەکات ؟

ڕێبوار عارف
fediraq@welho.com

دیاریدەی ئاوارەبوون بەگشتی بووتە یەکێك لەمەترسیدارترین وگەورەترین گرفتە ژیانی ڕۆژانەی هەزاران ئیسنان لەم کۆلامەڵگایەدا. کاربە شوێنێك گەشتووە ئەگەر میداڵێك بۆ ئەم دیاریدەیە هەبووایە، ئەوا بێشك عیراق لەو میداڵەش بەهرمەند دەبوو وەك ولاتیك کە گەورەترین ڕێژەی پەنابەری لە جیهاندا بە خۆیەوە بینیووە کە زیاتر لە چوار ملیون ئینسان ئاوارەبوون ! لەمبارەوە دواین ڕاپۆرتی (یوئێن) ئاماژەی بەوە کردوە کە ڕێژەی ئاوارەبوونی خەڵکی عیراق لەمانگێکدا گەشتووەتە سەرو پەنجا هەزار ئینسان.

کەدیارە هۆکارە سەرەکیەکانی ئاواربوونی خەڵکی عیراق بەگشتی شەڕوکوشتارو تیرۆرو ئیرهاب و وێرانکاری ونەبوونی سەرەتایترین پیداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەو، گەلێك هۆکاری تری سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتی ئەو خەڵکەی ناچارکردوە بەوەی کە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیەکی هەرچی زیاتر ڕوو لەهەندەران بکەن، بەبێ بوونی هیچ جۆرە شارەزای و زانیاریەك لە ژیانی ئەودیو سنووری ئەم ولاتەدا. وێنەکانی ژیان بۆ لاوان وجەماوەری ستەمدیدەی ئەم ولاتە ئەوەندە تاریك وبێ ئاسۆیە گرنگ ئەوەیە بەهەر نرخێك بێت تۆ بگەیتە یەکێك لە ولاتانی ئەورووپاو لەم دۆزەخە کە بۆ دەسەلاتدارانی سەرمایەدار وگەندەڵ ومشەخۆران بووتە بەهەشتی سەر ڕووی زەوی ، ڕزگاریان بێت. هەرلەمبارەوە بە پێویستم زانی وێنەی یەکێك لە ولاتانی ئەوروپا کە فنلاندە بخەینەڕوو کە تا ئەم دوایانەش خەبەرێك نەبوو لە نەدانی ماڤ ئیقامە (مۆلەت) یا دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران . کەواتە با پێکەوە بزانین لەم ولاتە چ خەبەرە ؟. ماوەیەکە ئیدارەو وەزارەتە پەیوەندارەکانی حکومەتی فنلاند بەخێرایەکی سەرنجڕاکێش سەرگەرمی تاوتوێکردنی کەیسی پەنابەرانێکن کەداوای ئیقامەیان کردوە. سەرئەنجام حکومەتی فنلاند بڕیارێکی نوێ بەناوی ( مۆلەتیB) یەوە پەسەندکردوە . کە ماناو مەغزای ئەم بڕیارە تا سەر ئیسقان نائینسانیەو بەدڵنیای کاریگەیەکی گەورەی لەسەر ژیان وچارەنووسی هەموو ئەو ئینسانانە دەبێت کە ئەم بڕیارە دەیانگریتەوە . پێش هەرشتێك ئەوە بڵێن کەناوەڕۆکی ئەم بڕیارە بەهەر جیاوازیەکی لاوەکیشەوە کۆپی هەمان ئەو سیاسەتانەیە کەچەند ساڵە لە ولاتانی تری ئەورووپا پیادەدەکرێت. لەوانە لەئەڵمان، هولند، دانیمارك ...ئەوەی دەرکەوتێکی نوێ بێت لەمبارەوە، ئەوەیە کەهاوکێشە ناوخۆیەکانی ولاتانی ئەسکەندەناڤیا تائەم دەورانەش بەئاسان ڕێگەیان بەخستنەڕوی سیاسەتێکی لەم جۆرە دژی پەنابەری نەدەدا. بەلام پێ بەپێ لەگەڵ سڕینەوەی ئاسەواری ((دەوڵەتی ڕیفاە))و ئاوەلابوونی هەرچی زیاتری دەستی بۆرژوازی و ڕاستی ئەم ولاتانە بۆ هێرشکردنە سەر ماف وخزمەتگوزارەیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش. بەهەمان شێوە ماڤ پەنابەریش هێرشێکی بەرفراوانی کراوەیە سەرو ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەیەکی زیاتری پێدەکرێت . جێگەی خۆیەتی لێرەدا لەمبارەوە بەخێرای سەرنجێکی سیاسەتی (مۆلەتیB )بدەین کە بەمدوایانە دژ بەپەنابەرانی ولاتانی سۆمال، ئەفغان، عیراق پەسەند کراوەو هاوکات بەشێوەیەکی هەمەلایەنەتر ئاوڕێك لە کاریگەریەکانی ئەم سیاسەتە بدەینەوەو بزانین (مۆلەتی B) چ مەترسیەك بەدوای خۆیدا پەلکێشدەکات؟ ناوەڕۆکی سیاسەتی( مۆلەتیB )، زۆر بەڕۆشنی پەنابەرانی ئەو ولاتانەی کە ناومان بردن بێ بەش دەکات لەماڤ کارکردن وماڤ خوێندن وماڤ فێربوونی کارو پیشەی نوێ وماڤ بەکارهێنانی کارتی تەندروستی و... ! بەلام لەڕاستیدا ئەمە تەنیا گۆشەیەك لەسەندنەوەی ئەومافانەن کەپێشتر پەنابەران لێ بەهرمەندبوون. ئەوەی کەلەئاستێکی کۆمەلایەتی بەرفراواندا بەدیدەکرێت وجێگەی نیگەرانیەکی زیاترە کۆمەڵێك دیاریدەی ترن کەلێرەدا ئاماژەیەکی کورت بەگرنگترینیان دەکەین :

<u>بڕیاری ( مۆلەتی B ) و کاری نایاسای " کاری ڕەش " !</u>

ڕۆشنە لەکاتێکدا هەر ئینسانیك بەوجۆرە مافە سەرەتایەکانی لێزەوتکرێت وڕێگەی کاروخوێندن وفێربوونی پێشەی لێبگیرێت بێگومان بەناچار پەنا بۆ ڕێگەیەك دەبات کە بەهۆیەوە بتوانێت بژێوی ژیانی ڕۆژانەی مسۆگەر بکات. کە دیارە لەهەنگاوی یەکەمیدا بیرکردنەوەو پەنابردنە بۆ دۆزینەوەی کاری نایاسای "کاری ڕەش". بەلام سەیرەکە لەوەدایە کە ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ پەنابەران دەبێتە جێگەی مشتوومڕێکی زۆرو یەك لایەنەو کەسی ئەنجامدەری ئەم جۆرە کارانە مەحکوم دەکرێن، بەبێ ئەوەی کە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئایا کێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی پەنابردنی پەنابەر بۆ ئەنجامدان " کاری ڕەش" بەرپرسیارە ؟. دەبێت ئەوەش بڵێن کە " کاری ڕەش" زیاتر لە دوو ساڵە بووتە مەیدانیکی هەستیار بۆ نقابە کرێکاریەکانی فنلاندو هەوڵ وتەقەلایەکی بەرچاودراوە بۆ کەم کردنەوەی ،لەمبارەشەوە جۆرەها چالاکی لەچەشنی: کەمپەین وسیمینارو ڕووداو کاری ڕوو بەمیدیاو کاری ئۆرگانیکیان ئەنجامداوە وکەم تازۆر کاریگەری خۆی لەکۆمەلگاداناوە . بەلام شایەنی باسە ئەم بڕیارەی حکومەتی فنلاند بە پێچەوانەوە دەکەوێتە خانەی پەرەپیدانی هەرچی زیاتری کاری نایاسای وخەڵکانێکی زۆر ناچاردەکات بەپەنا بردن بۆ ئەنجامدانی "کاری ڕەش".

**بڕیاری ( مۆلەتی B ) و دژایەتی لەگەڵ ( ئەنتگراسیون ) ئدغامی پەنابەراندا !**

جیاواز لە هەر لێکدانەوە بۆچوونێك لە پەیوەند بە ئامانجەکانی حکومەت سەبارەت بە جێکەوتن و ادغامی پەنابەر لەم ولاتانەدا دەبینین چەندین وەزارەت وئیدارەو ئۆرگانی پەیوەندار ئیدغامی پەنابەران بووتە بەشیك لە کاریان، بۆ نموونە لەئێستادا پینج وەزارەت وچەندین نیهادی جۆراوجۆری فنلاند بەرنامەی هاوبەشیان لە پەیوەند بە ادغامی پەنابەران لە کۆمەڵگای نوێدا هەیەو ئەم مەسەلە تا ئاستانەی دارشتنی جۆرەها یاساو بڕیاری سیاسی وئیداری ڕۆشتووە. کەئامانجی سەرەکیش لەم سیاسەتە ئاشنابوون و ئیدغامی پەنابەرانە لەکۆمەلگادا. بەلام ئەگەر هەلۆیستەیەك بکەین لەبەردەم ئەم سیاسەتە نوێیەی حکومەتی فنلاندا، دەبینین کە بەکردەوە بەتەواوی مانا دژ بەجێخستنی پەنابەرانەو بەپێچەوانەوە ئەم دۆخە نائینسانیەی کەبەهۆی بڕیاری ( مۆلەتی<u>B</u>) پێکهاتووە نەك هەر دەروازە لە ڕووی ادغامی پەنابەردا ناکاتەوە بەڵکو بەشێك لە پەنابەران بەتەوای لە کۆمەلگا دادەبڕێت و ناچاریان دەکات بۆ دابینکردنی ژیانی ڕۆژانەیان بیر لەهەر ڕێگەو شێوازێکی نەخوازراویش بکەنەوە تا بتوانن لە ڕووی فیزیکیەوە ژیان درێژە پێبدەن. کەواتە جیاواز لەهەر ئامانجێکی ستراتیجی دەسەلات، ئەم بڕیارە بەتووندی دژ بەجێگەوتن وادغامی پەنابەرانە لەکۆمەلگای نوێدا !

**بڕیاری ( مۆلەتی B ) و دژایەتی ڕێکەوتنە نیونەتەوەیەکان !**

ولاتانی ئەسکەندەناڤیاو فنلاندیش وەك یەکێك لەو ولاتانە بەوە ناسراون کەمافەکانی مرۆڤ بەڕادەیەکی باش پارێزراوەو هەرلەمبارە شەوە دەیان ساڵە گەلێك لە بڕیارنامە نیونەتەوەیەکانیان ئیمزاکردوە لەچەشنی ( بریانامەی جنیفی 1951، جارنامەی ماڤ مرۆڤ، کۆنواسیونی مافەکانی مندلان،...) بەلام بەداخەوە سیاسەتێکی دژی پەنابەری کەلەم سالانەی دوایدا لەم ولاتانە بەدیدەکرێت، نەك تەنیا گەلێك لەو ڕاستیانە کەمڕەنگ دەکاتەوە بەڵکو بەتووندی دەیانهێنێتە ژێر پرسیارەوە. چونکە بڕیاری ڕێگرتن لەماڤ ئیقامە یان بڕیاری لەچەشنی(مۆلەتی<u>B</u>)دژ بەچەندین بەندی ئەو ڕێکەوتنامە نێونەتەوەییانەیە کەحکومەتی فنلاندو ولاتانی تری ئەسکەندەناڤیا بەئاشکرا پێشێلکاریەکی گەورەیان لەمبارەوە ئەنجام دەدات بە تایبەت لەپەیوەند (( بە ماڤ ژیان، ماڤ کارکردن، ماڤ خویندن ...)) !

**بڕیاری ( مۆڵەتی B ) و ملدان بە ڕووکردنە ولاتی تر بە شێوەی نایاسای !**

لایەنێکی تری ترسناکی بڕیاری ( مۆلەتی <u>B</u>) بریتیە لەوەی کە پاش بەسەربردنی دەورانیك لە گۆشەگیری ونائارامی باری دەرونی دڵەڕاوکەو سترێستێکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانە، پاش داخرانی هەموو دەروازەکان ، ئیتر جارێکی تر زەمزەمەی ئەو پرسیارە لە مێشکی پەنابەردا دەکەوێتەوە گەڕ کە ئایا ئەو بە چ مەبەستێك ڕووی لەم ولاتانە کردوەو بۆ دەبێت هەموو ئەو تراژیدیا و بارگرانیە لە ژیانیدا بەخۆوە ببینێت. بۆیە لەکاتێکدا کەئیتر مەسەلەی مانەوەو

بەدیکردنی هیچ ئایندەیەکی گونجا دەبێتە بیرۆکەیەکی مەحال، بەناچار ڕوودەکاتە ولاتێکی تر بۆ بەدەستهێنانی مافی پەنابەری. ئەمەش لەکاتێکدایە کە جیاواز لەمەترسی گەڕانەوە بۆ هەمان ولات کەلێوەی هاتووی کارێك کە ئەو پێی هەڵساوە لەیاساو ڕێسایی ئەم ولاتانەدا بە سنووربەزاندن وجۆریك لە تاوان تۆمار دەکرێت. بەتایبەت لەو ولاتانەی کە ئەندامی ڕێکەوتنامەی (شەنگن)ن بەشێوەیەکی ئاتۆماتیك تۆ لەمافی پەنابەری بێبەش دەبێت چونکە لەولاتێکی تری هاوپەیمان داوای مافی پەنابەریکردوەو ڕەد دەکرێتەوە، کەواتە هەر بەهەمان دەلیل دەکرێت تۆ لەم ولاتەشدا داواکەتان پەسەند نەکرێت ولەمافی پەنابەری بەهرمەند نەبن ! سەرنج بدەن بۆ نموونە لەولاتانی هولند، ئەلمان، دانیمارك ... زۆر جار پەنابەر مۆلەتی پێدراوە کەپاش ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت ئەو ولاتە جێبهێڵێت و ڕووبکاتە شوێنێکی تر. ئەمە لەکاتێکدا کە نەهیچ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی دەدرێت بەو پەنابەرو نە باس لەدیپورت کردنەوەیان دەکرێت بۆ ولاتانێکی تر چونکە هەردوو ئەم حاڵەتە باری یاسای خۆی هەیەو بەرپرسیاریەتی گەورەی بەدواوەیە . بۆیە هەموو هەوڵ و تەقەلاکە بۆ ئەوەیە کە دۆخێکی دۆزەخی بۆ پەنابەر بخولقینن وناچاری بکەن بەوەی کە لەڕێگەی نایاسایەوە“ ڕێگەی قاچاخ ” ڕوو بکاتە ولاتێکی تر تا لەو ولاتەش بەشێوەیەکی ئاوتۆماتیکی تاوانی سنوور بەزاندان بە ڕێگەی قاچاخ بدرێتە پاڵ ئەو کەسەو لەسەرەتای کارەوەو بەر لەهەرشتێك دووچاری کێشەیەکی یاسای گەورەی بکەن . کە لە ئێستەدا ئەم سیاسەتە لە فنلاندا پیادە دەکرێت .

<u>بڕیاری ( مۆڵەتی B ) و پەرەپێدانی دیاریدەی توندوتیژی و تاوان !</u>

بەدڵنیای یەکێك لەسەرەتایترین ئەنجامەکانی بڕیاری ( مۆلەتی<u>B</u>) پەرەپێدانی کاری توندوتیژی وتاوان وکردەوەی دزێو و ناشایستەیە لە کۆمەلگادا . بێگومان هەر ئینسانێك کە هەموو دەروازەکانی ژیانێکی ئاسای وئینسانی بەڕوودا داخرابێت ناچارە بۆ درێژەدان بەژیان بیر لەڕێگەیەك بکاتەوە کەڕەنگە هەرگیز پەنای بۆ نەبردبێت وبیری لێنەکردبێتەوەو بۆ خۆشی بزانێت کە ئەو کارەی بە تەواوی مانا هەڵەیەو نابێت ئەنجامی بدات . بەلام مرۆڤ لەدۆخێکی وا نائینسانی و سەرباری چەندین ساڵە چاوەڕوانی و وێلبوون بەدوای کۆمەلێك خەون وئارەزودا. لەڕۆژگارێکی وادا خۆی ببینێتەوە، ئەوا بیرکردنەوە لەکاری نایاسای، لەتووندوتیژی، لە فریوکاری و...دەبێتە مەسەلەیەکی ئاسای. بەمەش لەلایەکەوە وێنەیەکی ناشایستەو نەخوازراو لەسەر خارجیان دەدات و لەلایەکی تریشەوە تاوان وتووندوتیژی لە ئاستی کۆمەلگادا پەرەپێدەدات ومەترسی بۆ هەمووان دەبێت. نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کەئەم هۆکارانە زۆرجار پەنابەران ناچار دەکات بەپەنابردن بۆ خۆکوشتن وتائێستە چەندین پەنابەری گەنج لەولاتانی ئەلمان ، هولند، دانیمارك،...بەهۆی ئەو بارە دەرونیە ناهەموارەوە ملیان داوە بە خۆکوشتن وبوونتە قوربانی سیاسەتەکانی ئەم ولاتانە .

<u>بڕیاری ( مۆڵەتی B ) و پەرەییدان بە ڕاسیزم و نژادپەرستی !</u>

مانگی ڕابردو کاتێك سەرۆك کۆماری ڕووسیا فلادیمیر پوتین پرۆژەی قەدەغەدەکردنی کارکردنی کرێکارانی خارجی لە بازاڕو شوێنە گشتیەکان دەخاتەڕوو، وەك ڕێگەیەك بۆ کەمکردنەوەی ڕیژّی بێکاری...پاش چەند ڕۆژێك تێپەڕبوون بەسەر ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەدا جرنفسکی یەکێك لە ناسراوترین کەسایەتیەکانی بزوتنەوەی ڕاسیزم ونژادپەرستی لە ڕووسیا، لە ستایشی ئەو بڕیارەدا دەڵێت: گرنگی ئەم بڕیارە تەنیا لە ڕێکخستنی ئیماکانی کارکردندا نیە بۆ خەڵکی ڕووسیا ، بەڵکو گرنگیەکی تری ئەوەیە کە ڕێژەی تاوان و تەجاوزتێك کە خارجیان ئەنجامی دەدەن کەم دەکاتەوە . ئالێرەدایە دەبینین کە مەترسی پەرەسەندنی هەرجۆرە تاوان وکردەوەیەکی ناشایستەی داسەپینراو بەسەر پەنابەراندا، دەستی ڕاسیزم ونژادپەرستی بەتەواوی مانا ئاوەڵادەکات بۆ هێرشکردنە سەر خارجیان ولەڕوانگەی کارکردی ڕۆژانەی ئەم بەشە لەپەنابەرانەوە شەرعیەت بەخۆیان بدەن و بڵێن ئەمانە نموونەی ئەو خارجیانەن کەئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگایان لێپاك بکەینەوە پاشان بەئاشکرا لەشەقام بانگیژەی شیعاری( فنلاند بۆفنلاندیەکان، سوید بۆسویدیەکان، ئەلمان بۆئەلمانیەکان بڵێنەوە. کەواتە ئێستە ڕۆشنە کە سەرهەڵدانی یەك بەیەکی ئەو دیاریدە

**مەترسیدارانە بەهۆی سیاسەتێکەوەیە کەدەسەلات بۆ خۆی لەپشتیەوەو ڕەسمیەتی پێدەدات !**

**له بڕیاری ( مۆڵەتی B ) تا دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران !**

بەدڵنیای گۆمانێك لەوەدا نیە کە سەندنەوەی مافی ئیقامەی پەنابەران یان مۆڵەتیB هەنگاوی یەکەمی دیپورتکردنەوەی پەنابەرانە لەپرۆسەیەکی دیاری نەکراودا. لەهەموو ئەو ولاتانەی کەتائێستە باس لەتازە نەکردنەوەی مافی ئیقامەی پەنابەرانکراوە پاش ماوەیەکی کەم بە ئاشکرا یان نهێنی مەسەلەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بووتە مەسەلەیەکی گرنگ وبەدواچوون ولێکۆڵنەوەیان لەبارەوە کراوە. سەردان ودیدارە دوولایەنەی نووێنەرانی ئەم ولاتانەو کارەبەدەستانی "حکومەتی هەرێمی کوردستان"و مامەڵەکردن بەسەر ژیان وچارەنووسی ئەم ئینسانەو زەمینە خۆشکردن بۆ دیپۆرتکردنەوەیان ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کەدەکرێت دیپۆرت کردنەوەی سەدان پەنابەری کورد لەبەریتانیاوە بۆ کوردستان وەك بەڵگە نەویستێکی ئاشکرا لەمبارەوە تەماشا بکەین. کەدیارە ئەمە بە تەنیا سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا نیە، بەڵکو لە ڕاستیدا زۆرێك لە ولاتانی ئەوروپا سەرگەرمی بڕیاردانی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردوعیراقین. کە هەرلەمبارەوە سەرئەنجام حکومەتی فنلاندیش بەم سیاسەتەوە پەیوەست بووەو لەسەرەتای مانگی ڕابردودا ئیدارەی دەرەوەی حکومەتی فنلاند بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەنابەرە عیراقیانەیدا کە تائێستە لە مافی نیشتەجێبوون بەهرەمەند نەبوون. لەم ڕاگەیاندنەدا کە لەڕۆژنامەی هێلسنکیدا بلاوکرایەوە ئاماژە بەوەکراوە کە لەئێستەدا لەپرۆسەی ئامادەکاری گەڕانەوەی پەنابەراندا بۆ شارەکانی هەولێر، دهۆك ، سلیمانی. هەروەها دەلێت... تەنیا هەندێك گرفتی تەکنیکمان هەیە کە ئەوانیش لەحاڵەتی چارەسەرکردندان. کەدیارە مەبەست لەگرفتی تەکنیکی زیاتر لەهەر شتێك کاری ئیداری وچۆنیەتی ناردنەوەی پەنابەرانە ! کەبەبڕوای من ئەوەی ئەمڕۆژانە لە سویدیش باس دەکرێت بەهەمان شێوە هەر سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانە بۆ کوردستان، چونکە تائیستە کاربەدەستانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سویدو کاربەدەستانی"حکومەتی هەرێمی کوردستان" چەندین جار لەم بارەوە دیدارو گفتوگۆیان ئەنجامداوە. ئاشکرایە کەبڕیاری دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران لەکاتێکدایە کەخەڵکی عیراق بەنێو تونێلی مەرگدا ژیان دەگوزەرێنن وڕۆژانە سەدان کەس دەبنە قوربانی تەقینەوەوشەڕوکوشتاری نیوان دووبەرەی تیرۆریستی ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسی. ئەگەر کەم تا زۆر ئەم ولاتانە دۆخی کوردستانیان کردوەتە بەهانە کەگوایە شەڕو تەقینەوەی ڕۆژانەی تیدانیە، بەدلنیای ئەمە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت شەرعیەت بەبوونی ئاسایش بدات لەمناوچەیەدا. چونکە جیاواز لە تارمای بەشێك لەو مەترسیانەی کە لەناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عیراقدا هەیە، هەروەها بێزاری خەڵك لەم ژیانەو پێشیلکردنی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان سەرەتایەکانیان وسەرکوتی سیاسی نەبوونی وئازادی بەیان وئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و تا کوشتارو قەسابیکردنی ژنان وزیندانکردنی سەدان کەس وهەڵسوڕاوی جەماوەری ودەیان ڕۆژنامەنیگاروهەروەها جموجۆلەکانی ئەم دوایانەی تیرۆریستانی ئیسلامی وتەقینەوە کارە ئیرهابیەکانیان وهەڕشەی ڕۆژانەی ولاتانی دراوسێ، تا هەڵواسراوی چارەنووسی ئەم کۆمەلگایەو گەلێك دیاریدەو ڕووداویتر بەڵگەنەویستی ئاشکران بۆ بەرپەرچدانەوەی تەواوی ئەو ادعایانە. لەسەرو هەمووشیانەوە باری ناجێگیری سیاسی کۆمەڵگا و ڕەنج بردنی جەماوەر لەبێ ئاسۆی ژیان و لەئایندەیەکی نادیارە کەبەرۆکیان پێدەگریت .

**له پەراوێزی ئەم باسەدا ، سەرئەنجام کام ڕێگەچارە وەلامدەرەوەیە ؟**

هەقیقەت ئەوەیە گرفتەکانی سەر ڕێی پەنابەری هێندە مەترسیدارومەرگ هێنەرە، گەر پێشبینیکردنیان بۆ هەرئینسانێك ممکین بێت، ئەوا گۆمان دەکەم کە سەرباری هەربێ ئومێدیەك بە ژیانی ئەمڕۆ ، خەڵکی ئامادەی ملدان بەوئایندە نادیارو پڕ مەترسیەبن . ئەوەی کەئێمە ئاماژەیەکی کورتمان پێکرد تەنها گۆشەیەك لەژیانی ڕۆژانەی پەنابەرانە لەم ولاتانەدا کەبەهەر قیمەتێك بێت گەشتوونەتە یەکێك لەم ولاتانەی ئەوروپا، ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوە نەبێت باس لەمەترسیەکانی سەرسنووری کوردستان وگیان لەدەستدانی نێو شاحینەو غەرق بوونی پاپۆڕی پڕ

سەرنشینی پەنابەرو دەیان گرفتی تر جێگەی باسی ئەم بابەتە نەبوون کە بەهۆیانەوە تائێستە هەزاران ئینسان بوونەتە قوربانی. بەلام سەرئەنجام لە شوێنێکدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کەئایا ڕێگەچارەی خەڵکی ئەم کۆمەلگایە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە ئەوەیە کە بەو شێوە خۆی بداتە دەست ئەو چارەنووسە نادیارو پڕ مەترسیەوە بەبیٚ ئەوەی پاش چەندین ساڵ چاوەڕانی هەواڵێك لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و ژیانێکی باشتر هەبێت ؟ !

بەبڕوای من سەرباری هەموو ڕێگری وسەختی ودژواریەك کە لەبەردەم خەڵکیدایە، سەرباری سەرکوت وهەڕەشەو زیندانیکردن و هەموو پیشلکاریەکانی ڕۆژانە لەم کۆمەڵگایەدا هێشتا ڕووکردنە هەندەران نە هیچ لە کێشەکان کەم دەکات نە ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەروازەی سنووری ئەم ولاتانە بەڕووی پەنابەراندا ئاولاکرابێت و لەو مافە سەرەتایەی کە مافی پەنابەریە بەهرەمەندمان بکەن.

بە پێچەوانەشەوە قبووڵکردنی ئەو دۆخەو سەرئەنجام ڕووکردنە هەندەران چەند بەرابەر دەستی دەسەلاتداران ئاوەلا دەکات بۆ درێژەدان بەسیاسەتەکانی خۆی وشانخاڵیکردنەوە لەبەرامبەر بەهەر ماف وخزمەتگوزاریەکی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا. بۆیە تەنیا ڕێگەیەکی بنەڕەتی هاتنەمەیدان وپەرەپێدانی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان وناچارکردنی دەسەلاتدارانە بۆ وەلامدانەوە بە ماف و ئازادیەکانی خەڵك و ژیانێکی شایستە بەئینسان. کەدیارە دەوری بەرەی ڕادیکال وئینسان دۆست وهەر کەسانێکی پێشکەوتوخواز لەهەندەران پالپیشتیکی کاریگەرو گەورە دەبێت بۆ ناچارکردنی دەسەلاتدارن بۆ وەلامدانەوە پەردەهەڵدانەوە بەماف وئازادیە سیاسی ومەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان. کەدیارە لەچەند ساڵی ڕابردودا لەمبارەوە گەلێك نموونە هەبوون کەگرێدانەوەی خەبات و تیکۆشانی ئازادیخوازانێك کە لە هەندەران ژیان بەسەردەبەن توانیوویەتی کاریگەریەکی زۆری هەبێت لەسەر دەسەلات ویا هەرنەبێت توانیویەتی دەورێکی بەرچاوی هەبیت لەکەمکردنەوەی ئەو گوشاروچاوترسانەی کەلەسەرخەلك دایانناوە.

بۆیە فراوانکردنەوەو هەڵپێکانی خەباتی بەرەی ئازادیخوازی ناوەوەو دەرەوەی ولات نەك هەر ڕێگەیەکە بۆ باشترکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان بەڵکو تەنانەت بۆ کەمکردنەوەی دیاریدەی ئاوارەبوون وناچارکردنی ئەو خەڵکە بۆ ڕووکردنە هەندەران .

ماوەتەوە کەبڵێن دیارە هەموو ئەمانە بە مانای کەمکردنەوەی یەك زەرە لە ئەرك ومەهامەکانی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی نیە لەپەیوەند بەژیان وچارەنووسی هەموو ئەو ئینسانانەی کەبەهۆی ئەو دۆخە نائەمن ومەترسیدارەی عیراق و کوردستانەوە ناچار بە ڕووکردنە هەندەران بوون، بە پێچەوانەوە وا هەست دەکەم لەم قوناغەدا فیدراسیون ئەرك ومەهامێکی لەڕادە بەدەر گرنگ و هەستیاری دەکەوێتە سەر شان لەپەیوەند بەژیان وچارەنووسی سەدان هەزار پەنابەری کوردوعیراقی، کە ریٚگەی چارەنووسازو کارا لەمبارەوە ریکخراوبوون وهاتنەمەیدانی پەنابەرانە بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی خۆیان. هەولٚ دەدەین لە ووتارێکی سەربەخۆدا لەمبارەوە وورتر بێمەوەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم باسە .

سەرەتای ئایاری 2007